# لێکدانەوەی کۆمەڵەچیرۆکی "زایەڵەی شارێکی سوور"

## لە ڕوانگەی نیشانەناسیی 'بارت'ەوە

**سارا خەنشا**




١٢ حوزەیران ٢٠٢٢ لێکدانەوە

تیۆریی نیشانەناسی (semiotics) وەک ئاراستەیەک بۆ لێکدانەوەی دەق، تیشک دەخاتە سەر لێکدانەوە پێکهاتەییەکانی دەق و، پاژەکانی پێکهێنەری، سیستمێکی نیشانەناسانە دەستنیشان و پەیوەندییە پێکهاتەییەکانی نێوانیان تەتەڵە دەکات. ئەم ئاراستەیە، یەکەم جار

لەلایەن زمانناسـی سـویسـی "فردینان دو سـۆسـۆر" هاتە ئاراوە. ئەو لە نموونە(الگو)یەکی دووفاقدا پێی وا بوو نیشـــانە تێکەڵاوێک لە "دال"ێک و "مەدلوول"ێکە. ئەو لەسەر ئەم باوەڕە بوو گشت سیستمە زمانییەکان، لە نیشـــانەگەلێکی جیاواز پێک هاتوون کە بەهۆی چەمکێک یان وێنایەک پێکەوە لە پەیوەنـدیـدان و نیشـــانە زمـانییەکە، چەمکێـک (مەدلوول) و وێنایەکی دەنگی (دال) پێکەوە گرێ دەدات.

هەرچەند بە دەربڕینی ســۆســۆر، دەق بەڕواڵەت گۆڕەپانێکی داخراو و سنوورداری لەگەڵ نیشانە ناودەقییەکان هەیە؛ بەڵام نابێ خاڵێکی گرینگ لەبیر بکەین، ئەو لە ڕێگەی پێناسەی چەمکی سیستم دوو جۆر پەیوەندی لەنێوان ڕەگەزەکـان لێـک جیـا دەکـاتەوە: پەیوەنـدیی هـاونشـــینی (Syntagmatic) و پەیوەندیی جێنشـینی(Associative) . پەیوەندیی هـاونشـــینی، ئەنجـامی پەیوەنـدییە پەیتـاپەیتـا و هێڵیی ڕەگەزەکـان لە ڕســـتەیەکدایە. ئەم تەوەرە، شـــوناســـی هەر ڕەگەز لە زنجیرەیەکدا، ئەنجامی دژایەتیی ئەو لەگەڵ ڕەگەزەکانی تر دەزانێت؛ بەڵام لە ڕەهەندی جێنشینیدا، پەیوەندییەک لەسەر خاڵە هاوبەشەکانی ڕەگەزە وێکچووەکان بەدی دێت، واتا هەر ڕەگەزێک کۆمایەک لە ڕەگەزەکانی تر کە دەتوانن لە جێی یەک بێن، لە مێشـــکدا دەوروژێنێت. کەواتە ئەم پەیوەنـدییە، ئەنجامی پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە نادیارەکان لە زنجیرەیەکی هێزەکیی زەینیدایە. هەر ئەو جێنشـــینییەی ڕەگەزەکانە کە پێکهاتە لە پەیوەندییە دەروونییەکان و هاونشـــینی لەگەڵ ڕەگەزەکان بەرتەســـک ناکاتەوە و ڕەگەزەکانی پێکهاتە بە پێکهاتەیەکی تر گرێ دەدات. ئەم پێواژۆیە، دەق لە کەشێکی داخراو کە سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، دەباتە سەرتر و لە

پەیوەندییەکیی جێنشینیدا، ڕەگەزە شاراوە و نوێیەکان دەبن بە پاژێک لە دەق.

هەرکام لە ڕەگەزەکانی پێکهێنەری پێکهاتەی چیرۆک، لە ناوی بەرهەمەوە بگرە هەتا کەسایەتییەکان و گشت ڕەگەزە کاتی و شوێنییەکان، ئەو دالانەن کە لە پەیوەندیی هاونشینی لەگەڵ یەکتر، پێکهاتەی سەرەکی و چوارچێوەی چیرۆک پێک دێنن و بە دەلالەتە ڕاستەوخۆ و پاڵەکییەکان لە کۆتاییدا مەدلوولی خوازراوی چیرۆک وەدی دێنن.

بە بڕوای "ئۆمبێرتۆ ئێکۆ" بەرهەم سیستمێک لە نیشانەکانە؛ ئەو سیستمەی کە بە وتەی ئێکۆ "پەیوەندییەکانی دەروونی نێوان نیشانەکانی، ئەگەری ڕاڤە بێئەژمارەکان دەرەخسێنێت". ئاراستەیەکی لەم شێوەیە بە بابەتێکی گرینگ وەک ڕاڤە، دەبێتە هۆی ئەمە کە ئێکۆ لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شێوازناسیی بیندیتۆ کرۆچە ( Benedetto Croce) و کەسانێکی وەک ئەو، ڕووەو جۆرێک پێکهاتەخوازیی هێرمنۆتیک هەنگاو هەڵێنێت. چونکە لەم ئاراستەیەدا لەلایەکەوە لەگەڵ تواناییەکانی دەق و لوانە نیشانەناسانەکان ڕووبەڕووین کە بەهۆی ئەو، دەق- تەنانەت لە نەبوونی سووژەی ئاگاشدا- ڕۆنراو لە کۆمەڵێک لە پەیوەندییەکان و پەیوەندیی پێکهاتەیی نێوان سازدەرەکانە کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی واتا. لەلایەکی ترەوە دۆزینەوە، دووبارەڕۆنانەوە و ئافراندنی واتا ڕێتێچووەکان جگە لە بوونی ئەم جۆرە پەیوەندییانە، پێویستی بە بوونی سووژەیەک هەیە کە هەڵبژاردنێکی کارا و وشیارانەی لە ڕەگەزەکاندا دەبێت و بەردەوام ڕاڤەگەلێکی نوێ دەئافرێنێت.

له نیشانەناسیی وێژەییدا، واتا بەهۆی پێکهاتەی نیشانەکانی پەیوەندیدار بەیەکەوە، سیستمی کۆد و گرێبەستەکان بەدی دێت. دۆزینەوە و دارشتنی ڕێسا و نۆرمێک کە بتوانێت پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکان تەتەڵە کات، واتای سیستمی کۆدی (رمزگان) دەستەبەر دەکات. سیستمی کۆد بابەتێکی بنەماییە لە نیشانەناسیدا؛ واتای نیشانە بەو کۆدەوە بەستراوەتەوە کە تێیدایە. سیستمی کۆد چوارچێوەیەک پێک دێنێت کە تێیدا نیشانەکان واتادار دەبن. کەواتە ناتوانین بەوەی وا لە مەڵبەندی سیستمی کۆدا نییە، نیشانە بڵێین.

بە دەربڕینی ***بارت*** گەیشتن بەم سیستمی کۆدییە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لەم خاڵە کە واتا چۆن لە دەقدا دەئافرێندرێت و بڵاو دەبێتەوە. ئەو هەر لەسەر ئەم تێگەیشتنە، سیستمی کۆدیی بەشداربوو لە میکانیزمی واتاییی دەقدا بەم شێوەیە پۆلێن دەکات: سیستمی کۆدی هێرمنۆتیکی، سیستی کۆدی کردەیی، سیستمی کۆدی دالی (ماناناسانە)، سیستمی کۆدی هێمایی، سیستمی کۆدی کولتووری.

## شوێنپێی سیستمی کۆدی بارت لە کۆمەڵەچیرۆکی "زایەڵەی شارێکی سوور"دا

### ١. سیستمی کۆدی هێرمنۆتیکی:

هێرمنۆتیک بەگشتی بە واتای هونەری لێکدانەوە و ڕاڤەی دەقە، بەڵام سیستمی کۆدی هێرمنۆتیک، بەو یەکە واتاییانە دەگوترێت کە لە سەرانسەری دەقدا بڵاو بووەتەوە و دەبێتە هۆی پرسیار و مەتەڵ لە

مێشـــکی بەردەنگدا و وەڵامدانەوەی وردەوردەیان. ئەرکی ئەم یەکانە بریتییە لە: پەروەدەکردنی تێم، جێگیرکردنی دۆخ، داهێنانی مەتەڵ، بەڵێنی وەڵامدانەوەی مەتەڵ، خەڵەتاندنی بەردەنگ لە دۆزینەوە وەڵامی مەتەڵدا، تەمومژاویکردن، لەمپەرســـــازکردن، داهێلان، وەڵامی نیوەچـڵ و ئاشـکراکردنی ڕاسـتی. ئەمە هەر سـیسـتمی کۆدی چیرۆکبێژییە کە لە ڕێگەیەوە لە گێڕانەوەدا پرسـیارگەلێک دێنە ئاراوە و داهێلان بەدی دێت و لە ئەنجامدا وەڵامی دەدرێتەوە.

لە چیرۆکی "تاقانە"دا یەکەم مەتەڵ کە ڕووبەڕووی بەردەنگ دەبێتەوە، گرینگیی کـاتژمێر و بـانگکردنی ســـەرحەدە: "زەنگی کـاتژمێرە قورمیشـــکراوەکەی ژوورەکە وەک ئەوەی کەســـێک بانگی بکات وایە: "سەرحەد! سەرحەد!" (ل ٤٧).

ئەگەر ئەم بەشـــە وەک پەروەدەکـردنـی تـێـمـی مەتەڵەکە دانـێـیـن، نووڕونزاکردنی پیرەپیاو لە ژمارە چوار و نەگۆڕبوونی دۆخەکە دەتوانین وەک جێگیریی دۆخی مەتەڵەکە دانێین؛ هەر وەک لە لاپەڕەی ٤٧دا دەڵێت: "لەبەر خۆیەوە دەکەوێتە بۆڵەبۆڵ: "چوار، چواری نەهـامەتیم. چواری ژەهری مار، چواری داماویم "".

لە درێژەی چیرۆکەکەدا و دوای لە زەنگلێـدانکەوتنی کـاتژمێرەکە، گێڕەڕەوە خێرا ئـامـاژە بە چۆنیەتیی دۆخە گومـانـاوییەکەی پیرەپیـاو دەکات کە بەپێی ئۆلگووی بارت دەبێتە قۆناخی "بەڵێنی وەڵامدانەوە بە مەتەڵ" : "دەیهەوێ هەسـتێتەوە، تەزوویەکی سـارد بە جەسـتە کزەکەیدا مێروولە دەکات، خێرا خۆی دەخزێنێتە ژێر لێفەکەی و لەوێوە ســـەیری لای سۆپا نەوتییەکە دەکات" و لە دوا دێڕی ئەم بەشەدا بە گەڕان بەدوای

حەبەکـانـدا قۆنـاخی "خەڵەتـانـدنی بەردەنـگ لە دۆزینەوەی وەڵامی مەتەڵ"ەکەمان بۆ وێنا دەکات: "کوا ... کوا حەپەکانم، لە کوێم داناون؟" (ل ٤٧)

هاتنی دەستبەجێی ئەم دێڕە کەشەکە تەمومژاوی دەکات: "دوو بریسکەی سەوز لەلای سۆپاکەوە لێی دەڕوانن." (ل ٤٨)

بابەتێک کە لە دێڕەکانی دواییدا بەهێزتر دەبێت: "پیاوەکە شڵەژا و لەناکاو هەڵدەستێتەوە. چاوە سـەوزەکان لە پشـت سـۆپاکەوە ون دەبن. پیاوەکە کشومات دەبێت، لێفەکە لە خۆی دەکاتەوە: کوا؟ چیی لێ هات؟" (ل ٤٨)

بە هێنـانی ئەم دێڕە هەر لە لاپەڕەی ٤٨دا "بەڵام بریسـکەی چـاوە سـەوزەکـان مـاتی دەکەن. سـووکێ بـای دەداتەوە دەگەڕێتەوە لای نوێنەکەی: "گوو بەم ڕۆژ و نیوچـاوە"" دەتوانین قۆنـاخی "لەمپەر چێکردنی" تێدا بدۆزینەوە.

کاتێک گێڕەڕەوە و خوێنەر تووشـی سـەرلێشـێواوی و پرسـیارگەلێکی بێوەڵام و ناڕوون دەبن و بەدوای چارەسـەرێک بۆ ئەم دۆخەن داهێڵان ڕووی دەدات؛ لە چیرۆکی "تاقانە"دا بەم شـێوەیە داهێڵان لە لاپەڕەی ٤٩دا بەوپەڕی خۆی دەگەیێنێت: "ژنەکە پرچی لادەدا و بۆ سـاتێ چاوی بە ڕوخسارە ماتەکەی و چاوە سەوزەکانی دەکەوێ. بیر دەکاتەوە: "ئەم چاوانەم لە کوێ بینیوە؟"

لە درێژەی چیرۆکدا و لە لاپەڕەی ٥٠دا بەم وێنایە خوێنەر بە وەڵامێکی نیوەچڵ دەگات: "زەنگی کاتژمێرە قورمیشـکراوەکە و جیڕەی پەنجەرە کراوەکەی ژوورەکەی یەکبەخۆی دای دەچڵەکێنن: ها ... کێ...یە."

به دوایین ڕســـتەی چیرۆک لە لاپەڕەی ٥١دا ڕاســـتییەکە بۆ خوێنەر دەردەکەوێت: "پیرەپیاوەکە دەســـتی دەترازێنێتە ژێر ســـەرینەکەی و بەتاســـەوە ســـەیری لای کوورەکە دەکاتەوە: "ئای دایە گیان، خۆشـــم دەوێی""!!

خاڵێکی گرینگ لەمەڕ سیستمی کۆدی هێرمنۆتیکی لە چیرۆکی "تاقانە"دا ئەوەیە کە دەق خەریکە بە هێنانی هێندێک کۆد و هێما وەک: "کاتژمێر، چوار، چاو، بریســـکە، ژن، دایک و ..." جەخت لەســـەر مشـــتومڕە دەروونییەکان: نێوان نەســـت و بەئاگا، خۆت و بووکەڵەی دەروونت و ئەو حەز و ویســـتانە دەکات کە لە مناڵییەوە لەگەڵتن و هەر جارێ بە شێوەیەک خۆی دەنوێنێت و لە کۆتاییدا دەبینین چەنێ ســەخت و نەگۆڕ بوو.

کەواتە پەیوەنــدیی نێوان ئەم ســـیســـتمی کۆدییە و دەســـتەواژە ســـەرەکییەکەی، واتا ڕاڤە و لێکدانەوەی دەق دەربڕی ئەم بابەتەیە کە ئامانجی ئەم ســـیســـتمی کۆدییە ڕاکێشـــانی ســـەرنجی خوێنەرە بە هێنانەئارای پرســـیارەکان و وەڵامدانەوەیان لە ئاراســـتەی لێکدانەوەی دەقەدا، کارێک کە دەبێتە هۆی بەشداریی زۆرتری خوێنەر لە تێگەیشتنی دەلالەتەکانی دەقدا.

**٢. سیستمی کۆدی کردەیی:**

پێرۆئایرۆتیک یان سیستمی کۆدی کردەیی، یەکە گێڕانەوەییە وردەکان لەخۆ دەگرن کە بەلەپاڵیەکهاتنیان گشـتێتیی دەق دەسـتەبەر دەکەن و

دەبنە هۆی بەرەوپێشـــچوونی گێڕانەوە، **بارت** ئەم دەســـتەواژەیە بۆ دەربڕینی پـاژە جیـاوازەکـانی زنجیرەیەک لە ڕووداوەکـانی چیرۆکێک بەکار دێنێت. لەم جۆرە ســـیســـتمی کۆدییە دەکرێ بۆ هەر یەکەیەکی کردەیی یان سێکانسی ناو یان سەردێڕێکی گشتی ڕەچاو بکرێت. وەک ژوان، ئاشقبوون و...

لە چیرۆکی "تاقانە"دا ١٣ کردەی جیاواز دەســـتنیشـــان دەکرێن کە بەم شێوەیەی خوارەوە زنجیرەی گێڕانەوە پێک هێناوە:

١) زەنگلێدانی کاتژمێر و لە خەوهەســتاندنی پیرەپیاو؛ ٢) هەســتانەوەی پیرەپیاو و لەخۆکردنەوەی لێفەکەی؛ ٣) خۆگەیاندنە لای بێشـــکەکە؛ ٣) گەڕانەوە پیـرەپیـاو بەرەو نوێنوبـانەکەی؛ ٤) کردنەوەی دەرگـا و هاتنەژووری ژنێکی کەڵەگەتی پرچدرێژ؛ ٤) شـــیردانی ژنەکە بە منداڵە ســاواکە؛ ٥) ڕۆیشــتنی پیرەپیاوەکە بە زگەخشــێ بەرەو لای کوورەکە و خۆماتدانی؛ ٦) شـیرخواردن و پێکەنینی سـاواکە؛ ٧) ئاوڕدانەوەی ژنەکە؛ ٨) ســـەرشـــۆرکردنەوەی ژنەکە و مەمک دەرهێنانی لە زاری مناڵەکە و دادانەوەی تۆڕی ســـەر بێشـــکەکە و چوونەدەری لە ژوورەکە؛ ٩) گەڕانەوەی پیرەپیاو بۆ ســـەر نوێنەکەی؛ ١٠) زەنگلێدانی کاتژمێرەکە و داچڵەکینی پیرەپیاو؛ ١١) دەرپەڕینی برســـیکە ســـەوزەکان و هەڵهاتن و میاواندنی؛ ١٢) کوتانی دەســـتی پیرەپیاو لەژێر دۆشـــەکەی و گەڕان بەدوای گۆچانەکەیدا؛ ١٣) دەســتترازاندنی پیرەپیاو بۆ ژێر ســەرینەکەی و بەتاسەوە چاو لەلای کوورەکردن.

لە ڕاستیدا خاڵی سەرەکیی جیاوازیی دوو سیستمی کۆدی هێرمنۆتیک و کردەیی لەوانەی تر لەمەدایە کە "سیستمی کۆدی هێرمنۆتیکی و کردەیی

هەردوو هۆکاری جووڵەی دەق بۆ پێش و دانانی کاتی دەقن و دەق لە خاڵێک بۆ خاڵێکی تر و بەرەو ئەنجامێکی لەچارنەهاتوو دەبەنە پێش.

**٣. سیستمی کۆدی هێمایی:**

سیستمی کۆدی هێمایی، ئەنجامی ئەو دوانە دژبەیەکانەیە کە داهێنەری دەق بە شێوەیەک خوازراو یان نەخوازراو لە پێواژۆی گواستنەوەی واتادا کەڵکی لێ وەرگرتوون "بۆ دارشتنی دوانە دژبەیەکەکان، هەر دەستەواژەیەکی سەرەکی لە بەرانبەر لێکدژەکەی دادەنرێت؛ دەستەواژەی یەکەم سەرەکی و دەستەواژەی دووەم لاوەکییە" (بی نظیر، ١٣٩٣:١٦٠). کەواتە لە خوێندنەوەدا بەپێی ئەم سیستمی کۆدییە دەبێ دوانە دژبەیەکەکەن لە دەقدا بناسینەوە و دەریان بێنین. وردبوونەوە لەم دوانە دژبەیەکان، خوێنەر دەگەیێنێتە بنەما سەرەکییەکانی ئەندێشە و هزری داهێنەری دەق. پێویستە ئاگادار بین کە ئەم سیستمی کۆدییە تەنیا لە قاڵبی مەجازدا ئەگەری نواندنەوە (بازنمایی)ی لە دەقدا هەیە.

لە چیرۆکی "حەوا بەدەم سنوورەکانەوە" هەر لە ناوی چیرۆکەوە بگرە هەتا ناوی کەسایەتییەکانی نێو چیرۆک و کردە و ڕووداوەکانی نێویەوە، خوێنەر لەگەڵ ناتەباییەکی سەیر لەنێوان وشەکان و واتا شاراوەکانی و نیشانەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بۆ نموونە ناوی قارەمانی چیرۆک کە "حەوا"یە ئەو حەوایەی کە لە پاکی و بێگەردییە سنووربەزێنەکەیەوە سزایەکی سنووربەزێن وەردەگرێت؛ ڕەشیدێک کە لە هەرچی جوامێرییە بەدوورە و چاوە سوورەکانی پڕی ناپاکییە، قادرێک کە لە هەرچی

تواناییی بیســـتن و دیتنی ڕاســـتییە بێبەهرەیە و میرانێک کە لە میرایەتی تەنیا زۆری و چەوســـانەوەی خوشـــکەکەی پێ بڕاوە و ئەو مەدانەی لە پیاوەتی شـــتێکی وای لەباراندا نەبوو. لەنێو دەقدا ئەم ناتەباییە بە وشـــە ناتەناکان و کردەکان بەوپەڕی خۆیان دەگەن؛ بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٣٤دا دەڵێت: "مەردان وەک ئاگری نەوتیان پێدا کردبێ، هەڵدەچوو و ئەوانیش قاقا پێی پێ دەکەنین." یان کاتێ لە لاپەڕەی ٣٥دا دەڵێت: "ڕەشید بە قۆشـــمەییەوە چـاوێکی لە حەوا داگرت، گوتی: "حەوا نییە، گورگە گورگ."" دەبیین لەنێو وشـــــەی حەوا و گورگ هیچ تەباییەکە لە ناخ و ناوەرۆکیاندا نییە و ئەزقەزا بەپێچەوانەوە حەوا دەبێت بە مەڕەکە. یان هێنانی وشـــەگەلێک وەک "شـــایی و شـــیوەن"، "کۆگای ســـارد و تاریک، هـاوینی گەرم" یـان گۆڕانی دڵە دلۆڤانەکەی بـاوکی بە دڵێک کە جگە لە قین و تووڕەیی چی تری تێدا بەدی نەدەکرا. تەنانەت شێوەی جلپۆشینی حەواش تووشـــــی نـاتەبـایی بوو، هەر وەک لە لاپەڕەی ٢٨دا دەڵێت: "جلوبەرگە پیاوانەکەی ڕۆژانی پێشـــــووی لەبەردا نەبوو، قەســـــرییەکی ســـووری پوولەکەداری لەبەر کردبوو، پرچە کاڵە درێژەکەی لەژێر کڵاوە قامیشـــەکەیەوە پەرێشـــان کردبوو، لەچکێکی ســـەوزیشـــی کردبووە ملی." هەروەها لە لاپەڕەی ٤١ و ٤٣دا ئاوا ئەم ناتەباییە زەق دەکاتەوە: "کێڵگە نەدووراوەکان بە بایەکە دەشنانەوە و خشپەخشپەکەیان کەشێکی تایبەت و دڵڕفێنی بە ئێوارەکە دابوو." "خشـــپەخشـــپی با ئیتر خۆش و دڵڕفێن نەبوو. لاســـــکە ڕەق و تیژەکانی گوڵەگەنمەکان بە ســـــمت و قـاچیدا دەچەقین." و لە لاپەڕەی ٣٢دا دەڵێت: "حەوا دوگمەی کراســـە پیاوانەکەی داخســـت." نووســـەر بۆ ئەوەی کە ئەم ناتەباییە بەوپەڕی خۆی بگەیێنت لە بەرانبەر ئەم ڕستەیەدا لە لاپەڕەی ٤٣دا دەڵێت: "ڕەشید یەخەی کراسە

پوولەکە سوورەکەی دادڕیبووە خوارێ و خەریک بوو وەک چۆن قەپاڵی لە سـێو و هەرمێ کاڵەکان دەگرت، ئاواش گازی لە ئەو دەگرت و دەینالاند." یان کاتێک لە لاپەڕەی ٣٢دا دەڵێت: "حەوا کڵاوە قامیشـەکەی کردە سـەری." و لە لاپەڕەی ٤١دا دەڵێت: "ڕەشـید بەئەنقەسـت کڵاوە قامیشـەکەی لەسـەر حەوا کردەوە، فڕێی دایە نێو گەنمەکان و مەسـتانە پێ کەنی." کڵاو دوو کـارکردی دژبەیەکی پێ دراوە؛ ئەو کڵاوەی بەلەسەرنانی نیشان لە گەوەریی و سەربەرزی و سەروەرییە، ڕەشید بە فڕێدان لە سـەری حەوا لە حەوارا فڕێی دەداتە خوار و نزم و سـووکی دەکات و تێکی دەشکێنێت. هەر وەک لە چیرۆکەکەدا دەبینین وشـەگەلێک وەک سـێو و دزین و خواردن و سـنوور، نیشـانەگەلێکن بۆ ئەوەی وەک هەمیشە بکەرەکەی کەسێکی ترە و تاوانبار حەوا! نووسەر چیرۆکەکە لە لاپەڕەی ٤٦دا بەم وشـە ناتەبایانە کۆتایی پێ دێنت: "هەر دەکەوت و هەڵدەسـتاوە و ڕۆیشـت ... پێم وایە بەردەنگ پێویسـتە بە خوێندنەوە لە هەناوی ئەم شـتە بەڕواڵەت نەگۆڕ و ڕاوەسـتاوانەدا گۆڕانکاری و ناتەبایی و پەڕینەوە لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر لە ڕوانینیدا بەدی بێنێت.

### ٤. سیستمی کۆدی واتایی:

سـیسـتمی کۆدی واتایی بەدوای دەسـتنیشـانکردنی ئەو دەلالەتە پاڵەکی(ضـمنی)یانەن کە لە دەقدا هەن و تـایبەتمەنـدی و کردەکـانی کەسـایەتییەکان، شـوێنەکان و شـتەکان دەردەخەن؛ بە وتەیەکی تر ئەو ئاماژە پاڵەکییانە کە لە جێی دەلالەتە ئاشکراکان دادەنیشن و نیشـانەکان لە جێی وتەکان و وەسفەکان دادەنێن. تێگەیشـتن لەم سـیسـتمی کۆدییە

لەبەر تێپەڕین لە توێژی سەرەوە و ڕۆچوون لە قووڵاییەکان، پێویستی بە وردبوونە و قووڵبوونەوەی خوێنەرە.

ئێستەش با لەژێر تیشکی سیستمی کۆدی واتایی خوێندنەوەیەکمان لەسەر چیرۆکی "زایەڵەی شارێکی سوور" هەبێت. یەکەم شت کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشت ناوی چیرۆکەکەیە؛ دەکرێ بڵێین لەپشت وشەی شار، شارستانییەتێک خۆی حەشار داوە کە بە ڕەنگە سوورە خوێناوییەکەی گشت کون و کاژێر و کووچە و کۆڵان و ئەو شەقامانەی خۆی نیشانەی شارستانییەتە، تەنیوە. چیرۆک لەم کاتەوە "لە دوانیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین" واتا لە هەرەتی لاوەتی و پێگەیشتوویی کچەکە؛ لەلایەن باوکێکەوە کە خۆی نیشان لە دەسەڵات و هێزێکی لەبننەهاتووە ڕوو دەدات، کچەکەی لەبەر دەرگای زانکۆ کە زانکۆ خۆی ڕێک واتای بێشکەی زانست و شارستانییەت دەکوژرێ. لە درێژەدا دەڵێت "بەڵام باوکەکە وەک شێرێکی زامدار نەڕاندی و گوتی: "کچی خۆمە! کچی خۆم!" (ل ١٠٩) دەزانین شێر خۆی واتای هێز و دەسەڵاتی لە خۆدا حەشار داوە و زامداربوونی واتای ئەوپەڕی دەرەندەبوون دەدات.

لە درێژەدا دەڵێت: "کچەکە بەبێ ئەوەی وستەی لێوە بێت،" ئەم کپوماتی واتای ترس و تۆقاوییەکی سامداری لە خۆدا حەشار داوە. دواتر دەڵێت: "خوێنێکی گەرم و گەش لە مەقنەعە ڕەشەکەیەوە چۆڕایە دەرێ" خوێنێکی گەرم و گەش، واتا ئەو خوێنەی وا ژیانبەخش و پاک و بێگەردە؛ بەڵام لە مەقنەعەیەک کە ڕەشە و واتای تاریکی و توندوتیژی و مردن دەدات.

یەکێکی تر لەم ڕستانەی کە خوێنەر تووشی وەستان دەکات ئەو کاتەیە کە لە لاپەڕەی ١١٠دا دەڵێت: "بەر دەرگای فلانە زانکۆ هەر خوێنە." وشەی فلانە واتای نەناسیاوبوون و زۆربوونی ئەم شوێنانە دەگەیێنێت کە ئەم شێوە کارەساتانەیان لێ دەکەوێتەوە و کاتێ دەڵێت هەر خوێنە مرۆڤ وەبیر ئەم باوڕە کۆنە دێنێتەوە کە خوێنی شەهید هەمیشە زیندووە و قەت ویشک نابێتەوە.

بە نووسینی ئەم ڕستەیە لە لاپەڕەی ١١٠دا"جەنابی شارەوان هێشتا لە نوێنەکەیدا بوو،" ڕێک واتای خەمساردی و نابەرپرسبوونی بەرپرسان لە مێشکدا دەچەسپێنێت.

کاتێکیش هەر لەم لاپەڕەیەدا دەڵێت: "شەڕی خوێنەکە لەگەڵ ئەو پیاوە نارنجیيانە وا هەر ئەوان دەهاتن دەیانشۆردەوە، ئەویش بۆ سبەی بەیانییەکەی گەرم و گەش بە ڕێڕەوەکەوە پەنگی دەخوارەدەوە." بەم واتایەیە کە ئەم خوێنە کە هەر کچانی کوژراوی کۆمەڵگان، خەریکن خۆیان دەنگی خۆیان هەڵدەبرن و بەدوای مافی خۆیانەوەن.

لە لاپەرەی ١١١دا دەڵێت: "خەڵکە سەرسوورماوەکە کەوتنە سێلفیگرتن لەگەڵ خوێنەکە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویان کردوە" ئەمە ڕێک واتای کەمتەرخەمی و نەبوونی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگادا دەستەبەر دەکات و ئەوەی کە هەرکەس تەنیا بەدوای خۆشییە کاتییەکانی خۆیەوەیە و وەک مەڕ سەریان داخستووە و هیچ شتێک نایانپرینگێنێتەوە. پیاوانی کۆمەڵگە بەمەش ئاسوودە نەبوون و "بە ئاسندڕک دەوری خوێنەکەیان گرت و کۆشکێکی بلیفرۆشیشیان لە تەنیشتیەوە دانا، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی وا دەیانویست لە نزیکەوە لەگەڵ خوینەکەدا

وێنە بگرن." (ل ١١١) هێنانی ئاسندرک بە واتای سنووردارکردنی هاتوچۆی کچان و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی پیاودا ڕاگرتنیان و پەلنەبزاوتنیانە؛ بەڵام ئەگەر پیاوان بیانهەوێت دەیانفرۆشن و ئەوەندەی خۆیان بیانهەوێت دەتوانن ببینرێن.

نووسەر لە زمانی پیرەپیاوەوە و لە ڕاستیدا دابونەریتی کۆنی کۆمەڵگەوە لە لاپەڕەی ١١٤دا بەم شێوەیە واتای سەربەستی و خۆڕزگارکردن و بوێری کچانی کۆمەڵگە لەپشت "هەڕاجکردن"دا حەشار دەدات و دەڵێت: "ئەو قەحبەیە خۆی هەڕاج کردووە، هەتا من لەمسەرەوە بەری دەگرم، ئەو لەوسەری ترەوە دەڕوات." چەند دێڕ خوارتر بەم شێوەیە وێنای دەکات: "ئەو قەحبەیە دەرپێکەی داوە بە شانیا، خەریکی خۆنواندنە".

کۆتاییی چیرۆکەکەش ئاوا واتای شکستهێنانی دابونەریتی کۆن و سەرهەڵدانی ژنانی ئازادیخواز و سەرکەوتنیان بەسەر ئەم کۆمەڵگە و شارستانییەتە بۆگەنەدا لەنێو وشەکانی "قوڵینگێکی ژەنگاویی ژێرخانەی ماڵەکەوە و زایەڵەیەکی سووری فیشەقەکردوودا وێنا دەکات: "لەنێو کەلوپەلی ژێرخانی ماڵەکەیدا قوڵینگێکی ژەنگاویی دۆزییەوە و هەتا لای خوێنەکە گیر نەبوو، نەڕاندی و ئاسندرکەکەی دەوری جێی خوێنەکەی لابرد و بە هەموو هێزەوە بە نووکی قوڵینگەکە تێی بەربوو: "قەحبە قەحبە" و لە کۆتاییدا ئاوا کچان بەسەر ئەم شارستانییەتە بۆگەن و دابونەریتە پاوانخوازەدا سەر دەکەون: "لەپڕ لەگەڵ نووکی قوڵینگەکە زایەڵەیەکی سوور فیشەقەی کردە دەرێ و پیرەپیاوەکە و تەواوی شارەکەی لەگەڵ خۆیدا برد".

**٥. سیستمی کۆدی کولتووری:**

دەلالەتی ئەم سیستمی کۆدییە ڕووەو واتایەکە کە لە دەرەوەی دەقدایە و بە زانستی گشتی (هونەر، پزیشکی، وێژە و...) پەیوەندی هەیە. سیستمی کۆدی کولتووری مەڵبەندی ئوستوورەناسی و ئیدئۆلۆژییە. تێکچێنراویی ئەم سیستمی کۆدییە، هەستی ڕاستەقینەبوون لە دەقدا وەدی دێنێت، چونکە خودی ئەم بیر و هزرانە بڕوا "سروشتی" و پاساوهەڵگرەکانی کولتوورین. مەبەست لە سیستمی کۆدی کولتووری، ئەو سیستمی کۆدییەن کە "بنەمای گوتارێک لە ناوەندێتییەکانی زانستی یان ئەخلاقی قایم و پتەو دەکەن، بەڵام بۆ فامی واتای سیستمی کۆدییەکانی تر، پێویستە ئەوان لە قاڵبی ئەم سیستمی کۆدە گشتییانە کە بریتین لە تەنراوی تایبەتی کولتووری- کۆمەڵایەتی ڕێک بخرێن و ماناپشکنی بکرێن. کارکردی ئەم سیستمی کۆدییە لەسەر بنەمای ئەسڵی نێواندەقێتی(Intertextuality) پێک هاتووە، بەدیهێنانی لێهاتوویی فامی دەق لە چوارچێوەی ئەو چەمکانەیە کە پێشدا لە جیهانی دەرەوەی دەقدا هەبوونە.

لە کۆمەڵەچیرۆکی "زایەڵەی شارێکی سوور"دا چیرۆکی "سندووقەکە" نموونەیەکی بەرچاوە بۆ ئەوەیکە بە پێوەری سیستمی کۆدی کولتووری بخوێندرێتەوە و تیشکی بخرێتە سەر. هەر لە ناوی چیرۆکەکەوە هەتا ئەو کەشەی بۆ ئەم چیرۆکە پەروەدە کراوە خوێنەر هەست بە کەشەکی ناسیاو و بەرهەست دەکات؛ لە ماڵی داپیرەوە بگرە کە چیرۆکەکە لەوێدا دەخولقێت هەتا حەوز و دارودرەختی نێو حەوشەکە و ئەو کۆگایەی لەپشت دارهەنارەکە هەڵکەوتبوو. بەڵام چەند ڕەگەزی زۆر گرینگ لەم

چیرۆکەدا هەن کە سـەرنجی خوێنەری کورد ڕادەکێشـێت و بەروە ئوسـتوورە و کولتوور و ئەفسـانەکانی کۆنی کوردەواریت دەگەڕێنێتەوە و ناچارت دەکات لەسـەریان وەسـتان و تێڕامانێکت هەبێت؛ یەکێک لەم ڕەگەزانە هەر ئەو دارهەنارەیە کە کۆگاکە لەپشـت ئەوەوە هەڵکەوتبوو، لە ڕاسـتیدا هێنانی ئەم دارهەنار بەهەڵکەوت نەبوو، هەر خوێنەرێکی کورد دەزانێـت کە دارهەنـار لە ڕەگەزە هەرە چـالاکەکـانە لە وێژەی کوردیدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەفسـانەیەی کە لە کوردەواریدا هەیە و وەک ڕەگەزێکی پیرۆز بەتایبەت لە هەوراماندا چاوی لێ دەکرێت کە خۆی بۆ ئەو کولتوورە دەگەڕێیەوە کە لە باوانمانەوە بۆمان بە میرات ماوەتەوە و پێیـان وا بووە بە هۆی دەنکە زۆرەکـانیەوە زۆرتر لە هەر شتێک تر هێمای زاوزێ و زۆربوونی بەرە و ژیان و ژیانەوە و بەپیتییە؛ لە هەورامان و کوردسـتان ئوسـتوورەی باویادگار پیوەندی بە هەنارەوە هەیە کە دایکێک بە ناوی دادە سارا و بە خواردنی دەنکێک هەنار لەدایک دەبێت. هەروەها لە فۆلکلۆری کوردیشـدا هەر ئەم هەنارەیە دەبێتە هۆی مردنی بەڕواڵەتی مەم و گەیشتن بە ژین و ژیانێکی هەتاهەتایی.

نووسـەر لەم چیرۆکەدا بە هێنانی هێندێک لە کەرەسـتە کۆنەکانی کوردەواری سـەرنجی خوێنەر بەروەر چـاخێکی تـایبەتی لە ژیـان و کولتووری کوردەواری ڕادەکێشـێت و هەروەها دەبێتە هۆی ناسـاندن و مانەوەی ناوی ئەم کەرەستە کۆن و لە ڕاستیدا ئەو کولتوورەی باوانمان تێیدا دەژیان؛ هەر وەک لە لاپەڕەی ٨٧ و ٨٨دا ئاوامان بۆ وێنا دەکات: "کۆگاکە پڕ بوو لەو شتە کۆنە قەدیمییانەی وا ئیتر کەس لەم سەردەمەی ئێسـتادا بەکاری نەدەهێنان و وێنەشـیان لە ڕاسـتیدا هەر نەمابوو. لە

مەشکەی پێست و سێپای دار و قاپوقاچاخی فافۆن و گڵ و مەنجەڵ و ئەفتاوەی مسەوە بیگرە هەتا زیلۆ و بەڕە و لباد، بەڵام لەماڵی داپیرەمدا هێشتا بوون".

یەکێکی تر لەم کۆدانە کە سەرنجی خوێنەر بەرەو ئەمە ڕادەکێشت کە بە پێوەری کۆدی سیستمی کولتووری بخوێنرێتەوە کارکردی پشیلە و هێنانی لەم چیرۆکەدایە، هەر وەک دەزانین لە کولتووری کوردەواریدا پشیلە بە بوونەوەرێکی سپڵە و پێنەزان دادەنرێت کە نووسەر بە هێنانی ئەم ڕەگەزە و ئاماژە پێی، ئەم شێوە ڕوانینە زەق دەکاتەوە و وەک ئەوەی کە بیهەوێت بەئەنقەست کەڵکی لێ وەرگرێت و وەک کولتوورێک بیپارێزێت یانیش بەرەنگاری بێتەوە؛ بەم شێوەیە لە لاپەڕەی ٨٨دا بەرجەستە کراوە: "ئەوەندەم نەزانی گوربەیەکی زل لەسەر بەڕەکانەوە بازی دایە خوارێ و... گوتم: "سپڵەی پێنەزان، داپیرەم کەم دەخاتە بەرتان وا هاتوونەتە سەر شتەکانی؟ ..." هەروەها یەک شتی تر کە لە کۆنەوە لەلایەن داپیرەکانمانەوە بۆمان دەگێڕدرێتەوە ئەوەیە کە جنۆکەکان لە ڕواڵەتی پشیلەدا وەدەر دەکەون کە لە لاپەڕەی ٩١دا ئاماژەی پێ کراوە: "داپیرە باسی جنۆکە و ئەو شتانەی زۆر بۆ کردبووم کە گوایە پشیلەکان جنۆکەیان لەگەڵدایە و هەر کەسێ لە ناوەختدا بیانکوتێ، ئەوانیش لە تۆڵەدا جنۆکەکانی خۆیانی تێ بەردەدەن".

یەکێکی تر لە ڕەگەزە کولتووری و ئوستوورەییەکانی ئەم چیرۆکە جەختکردن لەسەر ژمارەی چلە. کە خۆی دەتوانێت کۆد و نیشانەیەک بێت بۆ بەرەیەک یان کاتێکی مامناوەندی بۆ گەشە و باڵاکردنی تەواوی مرۆڤ و هەروەها ماوەیەکی باو و ئاسایی بۆ ژماردنی مێژوویی دوو

بەرەیە. نووســـــەر لە لاپەڕەی ٨٩دا ئـاوا ئەم ڕەگەزە زەق دەکـاتەوە: "ئەمجار قۆڵم هەڵکرد و دانەدانە شــــووشـــــەڕبەکانم هێنانە خوارێ، چل شــــووشـــــە ڕبی پڕ بوون." هەروەها لە لاپەڕەی ٩١ ئاوای وێنا دەکات: "گوتی: "چل شـەوی ڕەبەقە لەنێو ئەم سـندووقە شـکاوەدام. باش بوو تۆ هـاتی، دەنـا نەمـدەزانی چی بکەم. چـل ڕۆژ بەبێ نـان و ئـاو لـەم نێوەدا کەوتبووم، نە تریفەی مـانگم دەبینی، نە ڕوونـاکـاییی ڕۆژم لێوە دیـار بوو"".

لە کۆتاییشــــدا بە هێنانی ڕەگەزەکانی مار و شـــای ماران و ســـەوزەوار وەک کوڕی شـــای ماران، کە وەک ئوسـتوورەیەکی کۆن و کولتوورێکی ڕەســەنی کوردی دێتە ئەژمار و هێمای خواوەندی زانایی و ئاگاداربوون لە تەواوی نهێنییەکانی جیهان و هەروەها هێمای تیمارکەری و خێروبێر و ژیانەوەیە، کەڵکوەرگرتن لەم سیستمی کۆدییە بەوپەڕی خۆی دەگات. نووسـەر لەم چیرۆکەدا بەم شـێوەیە بەرە بەرە ئەم ئوسـتوورە جارێکی تر بە زمـانێکی تر دەگێڕێتەوە و خوێنەر نـاچـار دەکـات جـارێکی تر بۆ ســـەرچاوەکانی ئەم ئوســتوورە کۆنە و هێماکانی بگەڕێتەوە؛ لە لاپەڕەی ٩٠دا دەڵێت: "مـار بوو، مـارێکی ڕەشــــی قەترانی!! ڕەشـــــمـارێ وا لە سـندووقەکەی داپیرە بازی دابووە دەرێ و ئێسـتەش ملی بەرەو لای من هەڵدەهێنا." هەروەها لە لاپەڕەی ٩٢دا لە زمانی کاکە ســەوزەوارەوە بەم شـێوەیە ئەم ئوسـتوورەیە تۆختر دەکاتەوە: "گوتی: من کاکە سـەوزەوار، کوڕی شــــــای مـارانم!" هەروەهـا لە لاپەڕەی ٩٣دا گرینگـایەتیی ئەم ئوسـتوورە و کولتوورە لەنێو باوانماندا بەم شـێوەیە زەق دەکاتەوە: "نێو ســـــندووقەکە پڕ بوو لە پارچەی ســـــپیی قەدکراو کە بە بەنی ڕەنگاڵە

نەخشــی ماریان لەســەر کێشــرابووەوە. مارەکان ســەریان ئافرەت و لە کەمەر بۆ خوارەوە پیاو بوون. هێندێکیشـــیان بەتەنیا ڕەشـــمار بوون. ڕەشمارەکان لەسەر پارچەکان بە بەنی ڕەش گوڵدۆزی کرابوون "...

خاڵێکی تر کە لەم چیرۆکەدا جێی ســـەرنج و ئاماژەیە، ئەمەیە کە ئەم کولتووره ڕەســـەنە ڕێک لە ماڵی دایکی دایکە و لەلایەن داپیرەکانەوە پاراســتراوە و پشـــت بە پشـــت هاتووە، ئەمە خۆی ئاماژەیەکە بۆ ئەم ڕەگەزە بەرچاوەی کە لە ژندا هەیە و وەک خواوەندی ژین بەردەوام خەریکی ژیانبەخشــینە تەنانەت ئەگەر نرخەکەی بەخشــینی ژیانی خۆی بێت.

لە کۆتاییدا دەتوانین بەم ئەنجامە بگەین کە لەنێوان ئەم پێنج ســیســتمی کۆدییەوە، ســیســتمی کۆدی هێرمنۆتیک و ســیســتمی کۆدی کردەیی، پەیوەندییــان بە شـــیوەگەلێــک هەیە کە خۆدی گێڕانەوە لەو ڕێگەوە دەئــافرێنــدرێن و، ســـێ دانەکەی تریش لە کۆمەڵە ڕووداو و لۆژیکی گێڕانەوە تێ دەپەڕن و ئاماژە بە زنجیرە واتاییەکان دەکەن. هەروەها بەپێی ئەم لێکدانەوەیەی لەســەر هێندێک لە چیرۆکەکانی کۆمەڵەچیرۆکی "زایەڵەی شــارێکی ســوور"مان کرد دەتوانین بڵێین بەپێی بۆچوونی ئێکۆ ڕاڤە ئەنجام و ئاکامی ئاڵۆزی نێوان دەق و خوێنەرە و هەر چەشـــنە ڕاڤەیەک کە خوێنەر لە نەبوونی شـــوێندانەری دەقدا دەیکات، جۆرێک "ڕاڤەی ناباو"ە و خوێنەری ڕاســـتەقینە یان خوێنەری نموونە تەنیا لەژێر تیشـــکی دەق بەم لێهــاتووییە دەگــات کە لە ڕێگەی "هێرمنۆتیکی لێکدانەوەدا کە خۆی ستراتژییەکی نیشانەناسانەیە" ڕاڤە بکات کە شیاوی تێڕامــان و تــاوتوێکردن بێت. بەم چەشـــنە، دیالێکتیکی خوێنەر و دەق

دەبێتە هۆی ســـەرهەڵدانی جۆرێک ڕاڤەی نیشـــانەناســـانە کە بەپێی ئەو خوێنەری نموونە – کە لە حوکمی سرشتی نووسەری نموونەدایە – بە کەڵکوەرگرتن لە توانســـتی زمانی و هەبوونی زانســـتی پێویســـت لە خوێندنەوەی دەقدا و بەبێ دەست تێوەردانی نووسەر، ڕووەو گەیشتن بە مەبەســـتی دەق دەڕوات، جووڵەیەک کە بە کراوەییی بەرهەم لە ســـنوورەکانی ڕاڤەی نیشـــانەناســـانە دەگات. **ئێکۆ** لەم بارەیدا جەخت دەکات کە لە دیالێتیکی دەق و خوێنەردا "مەبەســتی دەق هەروەها لەژێر سێبەری مەبەستی خوێنەر" دەبێت؛ واتا چاوەڕوانییەکانی خوێنەر خۆی بەسەر دەقدا دەسەپێنێت. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە ڕەسەنایەتیی ئەم چەشـنە چاوەڕوانییانە لە خوێندنەوەی بەرهەمێکدا کاتێک وەدی دێت کە "هەر ڕاڤەیەکی گریمانەکراو، لەلایەن بەشـێک یان بەشـەکانی تری دەق بسەلمێندرێن یان دەستکاری بکرێت یان حاشای لێ بکرێت".

**سەرچاوەکان**

١ .کتێبی ئافاقی شیعری نالی، د، ڕەهبەر مەحموودزادە

٢ .کتێبی (دانشـــنامەی نظریەهای ادبی معاصـــر، ایرنا ریما مکاریک، ترجمەی مهران مهاجر، محمد نبوی)

٣ .کتێبی زایەڵەی شـارێکی سـوور (کۆمەڵەچیرۆک)، شـاناز جەوانشـیر، دەزگای سەردەم ٢٠٢١

٤ .کتێبی (بیان (با تجدید نظر و اضافات)، دکتر سیروس شمیا)

٥ .وتاری (انار نماد تولد و جاودانگی، د. اسماعیل شمس)

٦ .وتاری (بررسـی تکثر معنایی در حکایت "شـاه و کنیزک" مولوی بر اساس نظام روایی رولان بارت)

٧ .وتـاری (تحلیل داســتـان "الغریب" نجیب کیلانی بر مبنـای رمزگـان پنجگانە بارت، علی قهرمانی، آرزو شیدایی، صدیقه حسینی)

٨ .وتاری (بازیابی رمزگان در منطق الطیر عطار نیشـابوری "خوانش داسـتان مرغان سـالک و برادران یوسـف"، محمدهادی فلاحی، معصـومه گلستانە)

٩ .وتاری (تحلیل داسـتان سـارای از دیدگاه نشـانەشـناسـی بارت، علی کریمی فیروزجایی/ الهام اکبری)

١٠ .وتاری (بررسـی نشـانەمعناشـناختی داسـتان لیلی و مجنون جامی بر پایەی تحلیل گفتمان، سید احمد پارسا و منصور رحیمی)

١١ .وتاری (کارکرد روایی نشـــانه‌ها در حکایت رابعه از الهی‌نامه عطار، محسن بتلاب اکبرآبادی- احمد رضی)

١٢ .وتاری (رمزگان‌شـــناســی "حیوان" در داســتانهای کوتاه شـــهریار مندنی‌پور، نسرین فقیه ملک مرزبان، طاهره کریم)

١٣ .وتاری (نشـــانه‌شـــناســی اجتماعی رمان بیوتن، ســـهیلا فرهنگی/ معصومه باستانی خشک بیجاری)

١٤ .وتاری (نشانه‌شناسی اولین رمان اجتماعی ایران، عفت نقابی/ کلثوم قربانی جویباری)

١٥ .وتاری (اومبرتو اکو و بنیان‌شـــناختی تأویل، دکتر مســـعود آلگونه جونقانی)

١٦ .وتاری (تحلیل نشانه‌شناختی ساخت روایی رمان "دم لفطیر صهیون" اثر نجیب کیلانی، د. کبری روشنفکر/ فاطمه اکبری زاده)

١٧ .وتاری (بررسـی سـمبولیسـم در داسـتان گیله‌مرد، مصـطفی گرجی/ سولماز مظفری)

١٨ .وتاری (بررسـی و تحلیل اسـطوره در منطقه مکریان مهاباد، شـیلان مەسرور، ایلناز رهبر)